# حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق له بەریتانیا
# هەفتەی منسووری حیكمەت سازدەكات!

رۆژی یەك شەمە 12-6-2005 رێكخراوی بەریتانیای حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق بەبۆنەی هەفتەی مەنسووری حیكمەتەوە ، رۆژیكی تایبەتی ساز كرد لە لەندەن بۆ ناساندنی بۆچوون و لێكدانەوەو بەرهەمە فكریو سیاسیەكانی مەنسووری حیكمەت. تیمێكی رابەری حزب، بە ئامادەبوونی ژمارەیەكی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە بەریتانیا بەشداری ئەم بۆنەیەیان كردو لە گۆشەی جیاجیاوە بەرهەمەكانی مەنسوری حیكمەت، رابەری بزووتنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاریو بیرمەندو تیوریسیەنیماركسیستی هاوچەرخیان لێكدایەوە، ئەو رابەرەی كە توانی كۆمۆنیزمی ماركس زیندو بكاتەوەو لەپێناو بەدی هینانی دنیایەكی باشتر، دنیایەكی ئازاد و یەكسان و دور لەستەم و چەوساندنەوە، رێگای نیشانی كۆمۆنیستەكانو تێكۆشەرانی بزووتنەوەی كرێكاری بداتو پەرچەمی كۆمۆنیزم زیندو رابگرێ.

سەرەتای كردنەوەی بۆنەكە بەپێشكەشكردنی ژیاننامەیەكی كورتی مەنسووری حیكمەت لەلایەن (دەشتی جەمال )، سكرتێری كۆمیتەی بەریتانیای حیزبەوە دەستی پێكرد.  پاشان (خەسرەوسایە) لەبارەی كتێبی (ئەفسانەی بورژوازی نیشتمانی و پێشكەوتن خوازی )مەنسووری حیكمەت لەژیر ناونیشانی ئەو كتیبەی ژیانی من ونەوەیەك لەماركسیستەكانی گوری باسێكی پێش كەش كرد. پاشان  محمدی فەتاحی لەسەر كۆمۆنیزمی كرێكاری و سوونەتە كۆمەلایەتی یەكانی  قسەوباسی كرد. دوای ئەو ئاسۆكەمال باسێكی پێشكەش كرد لەژیر ناونیشانی (حیكمەتیزم چییە؟ تایبەتمەندیەكانی دەورانی ماركس ولینیین و حیكمەتیزم چیە؟).
دوا باس مویەد ئەحمەد لەسەر كۆمۆنیزمی كرێكاری و حزبی سیاسی ، مەوقعیەتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق قسەو باسی كرد. لەهەر بەشێكی باسەكانی ئەو هاوریانەدا كاتێك تەرخان كرا بۆ وەلامدانەوە بە پرسیاری ئامادەبووان.

شایەنی باسە لەم كۆبوونەوەیەدا رێكخراوەكانی حزب لەشاری مانچستەرو نوتین هام و ستۆك ئۆن ترینت وبەرمنگهام و هەروەها چەند ئەندام لەرابەری حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئیران_ حیكمەتیست بەشداریان كرد ،پاش 7 كات ژمیر لەباسی بەسود و ناساندنی بەرهەمەكانی مەنسووری حیكمەت ، كۆبوونەوەكە كۆتایی هات.
رۆژی 2-7  لەدریژەی بەرز راگرتنی پەرچەمی حیكمەتیزم و ناساندنی  بەرهەمە كانی ، یانەی حزب لە لەندەن باسێك دادەنێت  بۆ محسن كەریم لە ژیر ناونیشانی  (منسووری حیكمەت و مەسەلەی میللی) و هەوەها نادیە محمود لەژیر ناونیشانی  (منسووری حیكمەت ومەسەلەی ژنان )  دریژەی دەبێ..

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق\رێكخراوی بەریتانیا**

**2005-6-13**

---

www.wpiraq.net  Tel:07734704742






